عێراق هاوردەکردنی 40 بەرهەم هادەگرێت



ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، کە چیتر 40 جۆر بەرهەمی کشتوکاڵی هاوردە ناکەن،بەهۆی گەیشتن بە ئاستی خۆبژێوی، ئاماژە بەوەشدەکات کە چاودێری بەردەوامی نرخی کاڵا کشتوکاڵییەکان دەکەن و ئاگادار نرخ بڕز بکەنەوە، داستبجە ڕاگە بە هاوردەکردن دەدەن.

"مەهدی سەهر جبووری"بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕایگەیاند : وەزارەت بەردەوامە لە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی زیاتر لە 40 بەرهەمی کشتوکاڵی وەک تەماتە و پەتاتە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی خۆبژێوی لە عێراقدا.

"جبووری" باسی لەوەشکرد کە عێراق خورما بە وڵاتانی وەک هیندستان،و چین،و تورکیا،و ئوردن و وڵاتانی کەندا و هەناردە دەکات،هەروەها خورمای پاکستانی و داپشراو ڕاستەوخۆ لە عێراقەوە بە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا هەناردە دەکرێت.

لەبارەی بڕزبوونەوەی نرخەکانەوە، "جبووری " ڕوونیکردەوە : کە وەزارەت بە بەردەوامی چاودێری نرخی کاڵا کشتوکاڵییەکان لە بازاڕە ناوخۆییەکان دەکات بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان بە کۆنترۆڵکردنی بڕزبوونەوەی نرخەکان.

ڕوتیشی : لە کاتی بڕزبوونەوەی نرخی هەر کاڵایان بەرهەمێکی کشتوکاڵیدا، دەرگای هاوردەکردن بە

ئەو بەرهەمانە دەکرێتەوە.